هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلاندانان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
ژمارە: ٩٧٨
ڕێکەوت: ٢٧ / ٦ / ٢٧ی کوردی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التخطيط
المديرية العامة للادارة و المالية
مديرية التعاقدات العامة
No:
Date: ٢٦ / ٤ / ٢٠١٧

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Planning

بۆ/ گشت وەزارەتەکان ( ) - ب. گ. دیوان

## بابەت/ میکانیزمی دیاریکردنی بڕی سزای دواکەوتن

لە دەرەنجامی ئەو پرسیار و کەیسانەی ئاراستەمان دەکرێت بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی بڕی سزای دواکەتنی ڕۆژانە لە پرۆسەی ئەنجامدانی پرۆژە، وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان بە هاتوو لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٧٠) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦، وە بە گەڕانەوە بۆ بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٨٢) لە هەمان ڕێنمایی، لە خوارەوە میکانیزمی دیاریکردنی بڕی سزای دواکەتنی ڕۆژانە بە هاوکێشەیەک دیاری دەکەین.

بڕی سزای دواکەوتن = (گوژمەی خەمڵێنراوی پرۆژە) ÷ (ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژە) × ١٠٪ × (١- ٤)

فاکتەری (١-٤) بەپێی گرنگی ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژە دادەنرێت. ئەوەشمان لەبیر نەچێت هەرچەند بڕی سزای دواکەوتنی ڕۆژانە زۆر دابنرێت، وا چاوەڕوان دەکرێت بەڵێندەرانیش نرخی تەندەری خۆیان زیاتر بکەن کە ئەمەش لە بەرژەوەندی خاوەنکاردا نیە. بۆیە پێویستە هاوسەنگیەک ڕابگیرێت لە نێوان گرنگی ماوەی پرۆژە بۆ خاوەنکار و بڕی سزای دواکەوتنی ڕۆژانە.

تکایە بۆ زانیاریتان کە پێویستە ئەو بڕە سزایە بە ڕوونی هاتبێت و ئاماژەی بۆ کرابێت لە ناو بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە بۆ هەموو پرۆژەکان. وە بەپێی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٨٢)ی هەمان ڕێنمایی و لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەدا، نابێت کۆی گشتی سزای دواکەوتنی ڕۆژانە لە (١٠٪)ی گوژمەی گرێبەست تێپەڕ بکات.

... لەگەڵ ڕێزدا

شێروان اسعد قادر
بریکاری وەزارەت

Kurdistan Region,Erbil,
60m st, Near Council of Ministers Building
Phone:0662230170
E-mail: info@mop
هەرێمی کور
شەقامی 60 مەتری ...
تەلەفۆن: 066 2230170